## سەروتار

# لە دەسەڵاتی دادوەریی گەڕێن

خاوەنی ئیمتیاز



یەکێك لە پێوەرەکانی سەلامەتی کۆمەڵگا و تەندروستییەتی، سەربەخۆیی هەر سێ دەسەڵاتەکەیەتی (تەشریعی و جێبەجێکردن و دادوەری)، ئێمە گەرەکمانە لەو وتارە باس لە سەربەخۆیی ئەوەی سێیەمیان بکەین، کە دەسەڵاتی دادوەرییە، کە پێگەیەکی بنچینەییە بۆ ئاوەڵاکردنی جڤاتی یاسایی و دەوڵەتی یاسا.

خۆشحاڵ و بەختەوەر بووین، دەمێك بوو چاوەڕێی بووین، هەر لەگەڵ دەرچوونیشی گەشبینییەك کەوتە نێو چینی یاساناسان و داکۆکیکەران لە سەروەری و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی، ئەویش دەرچوون و پەسەندکردنی دەسەڵاتی دادوەری بوو، لە پەرلەمانی کوردستان و جیابوونەوەی بە تەواوی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. ئەوەیان هەنگاوێکی سەرەکی و گرینگی ئەوتۆ بوو، بۆ بیناکردنی دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ و بێلایەن لە هەرێمی کوردستان.

لە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە و جێبەجێبوونی لە واری پراکتیزەییدا، ئارەزووی ئێمەی یاساناسان بەگشتی، لە دادوەر و پارێزەر و مافپەروەر و داواکاری گشتی، ئەوەیە کە بە حەق و دیفاکتۆ، ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆ بێت و دوور بێت لە گشت دەستێوەردانێك لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حیزبەکان.

بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەو دەسەڵاتە، بە چاکترین شێوە و چەشن، ڕۆژانە کارەکانی خەڵك و داواکان بەڕێوە ببەن و رابپەڕێنن، بەرژەوەندی گشتی وا دەخوازێت، کە هەرچی لە توانامان دا بێت، هاوکاری و پشتگیریکەری ئەو دەسەڵاتە بین، بۆ ئەوەی سەربەخۆ و بێلایەن بێت و دوور بێت لە دەستێوەردانە دەرەکییەکان.

تا دەسەڵاتی دادوەریش لە هەرێمەکەمان سەربەخۆ و بێلایەن بێت، ئەزموونەکەمان بەهێزتر دەکات و لە ستانداردی دادوەریی نێودەوڵەتی و پێوەرەکانی چاودێریکردنی مافی مرۆڤ و دادگەرییدا، یاساییانەتر وەسف دەکرێین، ئەمە جگە لەوەی بوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و بەهێز دەبێتە هۆی سەرخستنی مافخوراوەکان و ستاندنی حەقیش لە ناحەقخوازەکان.

با چی زووترە هەموو ئەو پێنگاڤانە بهاوێژین کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی دادوەرییدایە و دەبێتە هۆکاری سەرخستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان.